KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-11-2007 21:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## حیزبە کوردستانیەکان چۆن دەتوانن جارێکی تر خۆیان زیندو بکەنەوە بەتایبەتی پارتی و یەکێتی؟؟؟ ... باوکی شازاد

لەهەر کات و زەمانێک لەناو هەر نەتەوەیەک پارتی سیاسی دروست دەبن ئەو پارتانەش هەل و مەرجی تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ ئەوەی دروست ببن، پێویستیەکانی هەر نەتەوەیەک وادەکات ئەو پارتانە بێنە ناو ڕەحمی نەتەوەکەو لەدایک ببن، جا هەندێک لەو انە بە شیوەیەکی سروشتی دێنە دنیاوە هەندێکی تریشیان بە عەمەلیاتی قەیسەری دێنە سەر دونیا، لەوانەش هەندێکیان شەرعین و هەندێکیشیان نا شەرعین،

گەلی کوردیش وەکو هەر نەتەوەیەکی تر پاش پەیدا بونی هەستی نەتەوایەتی بە تایبەتی باش دروست بونی حەرەکەی کۆمۆنیستی جیهانی کە سەرچاوەکانی لە بیرو باوەڕی لینین و مارکیس و ئینگلیس ودواییش لەکاتی شۆڕشی چین لەلایەن ماوتسی تۆنگ هاتبونە کایەوە، پاشی شەڕی جیهانی یەکەم و نەمانی دەوڵەتی عوسمانلی و دابەش کردنی کوردستان بۆ 4 پارچە، لەبەر ئەوەی گەلی کورد هەر ژێر دەستەی داگیر کەران بوو بۆیە حیزبەکانیشی بە شۆڕشگێڕی پەیدا دەبون پاش ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیست گەیشتە ناوچەکە، ڕۆشنبیرە کوردەکانیش خۆیان خزاندە نێو ئەو حیزبە لە دوایی دا هەندێک حیزبی تر دروست بون وەکو حیزبی (هیواو ژیانەوەی کوردستان) چەندین کۆمەڵەو حیزبی تر، وە لە دواییش سەریان وەستایەوە لەسەر پارتی دێموکراتی کوردستان، کە لە لایەن چەند روناکبیرو سیاسەت مەداری ئەو کاتەی کوردستان دروست بو، لەوانە خوا لێخۆشبوان (هەمزە عەبدوڵاو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بون) بیرۆکە کەش لە کاتی ئەوەی کە کۆماری کوردستان لە مەهاباد لەنا برا، لەوێوە سەری هەڵدا، خوالێخۆشبو (مەلا مستەفا بارزانی) ئاگادار بو کە شتیکی وا دەکرێت لە 16 ئابی 1946 بڕیاری دروست بونی درا لە هەمان کاتدا بارزانی ئاوارەی ڕوسیا بو خۆی و 500 لە هەڤاڵەکانی، هەتا پاش شۆڕشی 14 گەلاویژی 1958 نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، پارتیەکان وەکو سومبولێک مەلا مستەفای رەحمەتیان هەڵبژارد وەکو سەرۆکی حیزب، بەڵام پاش ئەوەی کە خوالێخۆشبو مەلا مستەفا گەڕایەوە بە رەزامەندی (عەبدول کەریم قاسم) ئەوجارەیان بە ڕەسمی کرا بەسەرۆکی حیزب دوای بەستنی کۆنگەری پارتی،

لەو کاتە پارتی شتێکی زۆر پێویست بو نوێنەرایەتی کورد بکات لەبەر ئەوەی فرسەتێکی باش بو بۆ ئەوەی چارەسەری مەسەلەی کورد بکرێت بەڵام حکومەتی ئێراقی لە ژێر فشاری حیزبە شۆڤینیە عەرەبەکان و دەوڵەتە دروسێکانی داگیرکەری کوردستان، ئاوڕی لە کورد نەدایەوە و پاشگەز بووەوە لەو بریارانەی کە دابوی بە خەڵکی ئیراق هێندەشی پی نەچو بە ئینقلابێکی سەربازی لەناو براو کوشتیان، هەر بۆیەش لە ئەیلولی 1961 شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتی ڕەحمەتی (مەلا مستەفا) بارزانی دەستی بە خەباتی چەکداری کرد هەرچەندە زۆر لە عەشیرەتە گەورەکانی کوردستان ڕازی نەبون بەوەی کە عەشیرەتی بارزنی کە ناحەزیان بون ببن بە سەرۆکی ئەو شۆڕشە بۆیە زۆربەیان لەو ڕقە چەکیان هەڵگرت دژ بە شۆڕش و بون بە جاشی حکومەت، وە بۆ بەرژەوەندی عەشیرەتی بارزان، هەندێک لەوانیش بون بو موالی حکومەتی ئێراق، لەو کاتانە خەڵک زۆر تێنوی سیاسەت و کوردایەتی بون بۆیە حیزبایەتی لە لوتکەی سەرەوە بو، خەڵک بە دڵ و بەگیان بەسەرو بە ماڵ خۆیان بەخت دەکرد بۆ خەباتی کوردایەتی، ئەوەی ئەو کاتە دەکرا هەندێک لە خەباتی ئیستای کوردەکانی باکوری کوردستان دەچێت، کە هێشتا توشی شەڕی برا کوژی نەبونە هیوادارم هەروا بمێنن و قەت شەڕی ناوخۆ نەبینن، پاش ئەوەی چەند شەڕێکی سەرکەوت و ئەنجامدرا دژ بە حکومەت، خەڵک زیاتر روی تێکردن بەتایبەتی پاش شەڕی بەناوبانگی ناسراو بە (ڕێگەی پردێ) لە ساڵی 1961 کە پێشمەرگەکانی شاری هەولێری ئەو کاتە لە چەند کەسێکی ناوداری ناوچەکە پێک هاتبون هەندی کەس سەرپەرشتی ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شەڕەیان دەکرد (وەکو سەیدەکانی گرد عازەبانی، مەلا عەولا ناسراو بە مەلا ماتۆر، مام وسوو، سالح شیرە) چەندین کەسی قارەمانی هەولێری و دەشتی قەراج و کەندیناوەو دەشتی هەولیر ڕێگەیان بە قوەی سەیاری پۆلیس گرت لە شارۆچکەی پردی چەند ڕۆژ شەڕ بەردەوام بو ڕێگای هەولێر کەرکوکیان کۆنترۆڵ کرد، لەو کاتەوە چەندین کەسی تر چونە ڕێزی شۆڕش و بون بە پێشمەرگە، وای لێهات لە ساڵی 1963 حکومەتی ئیراقی هەوڵەکانی خۆی چڕ کردەوە چەندین جاشی زۆر تاوەنباری لە ناوچەکە دروست کرد بۆ ئەوە شەڕی پێشمەرگەیان پێ بکات نمونەی (حەمەی سابیر و ڕەشید گۆسکە) وە چەندین کەسی تری لەو بابەتانە پەیدا بون، کە هێندەی پێنەچو بەدەستی پێشمەرگە لەناو چون، لەهەمان کاتدا لە ناوچەکانی تری کوردستانیش شەڕی دژوار رویدا لەنیوان پێشمەرگەو هێزەکانی حکومەت چەندین کەسی ناودار پەیدا بون لەوانە (مەحمود کاوانی، حەمید کاوانی) و کەسانی تری ناوچەی خۆشناوەتی و زۆری تریش لە ناوچەکانی دیکە بون بە سەرکردەی پێشمەرگەکان لەبەر ئازایەتیان و لێهاتوییان، بەهەر حاڵ پارتی هەر لە پێشکەوتن دابو هەتا ئینشقاق دەستی پێکرد لە نێوان هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی بە ڕابەرایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و لێژنەی مەرکەزی بەڕابەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی، لەو ڕۆژەوە بەرە بەرە خەڵک لە حیزبەکان دور دەکەوتنەوە، ئەو گەرم و گوڕیەی جارانیان نەما، لەبەر ئەوەی کارەساتەکە پەرەی سەند تاکو ساڵی 1970 چەندین خەڵکی شۆڕشگێڕ شەهید کران، بۆیە بو بە هۆی نیگەرانی خەڵکی کوردستان.

پاش 11 ئازاری 1970 دیسان خەڵک گڕی گرتەوە بەتایبەتی پاش یەک گرتنەوەی هەردو باڵی پارتی، بەڵام لەو نێوەندەدا هەندێ هەوڵی تر دەدرا بۆ دروست بونی پارتی سیاسی تر، لەوانەش کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ئەو کاتە پارتیش زۆر بە شوێنیانەوە بو دەزگای پاراستن بانگی هەندێ کەسی دەکرد بۆ لێکۆڵینەوە دەیان ویست سەرکردەکانیان بناسن، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێکخستنەکانیان زۆر توکمەو نهێنی بو بۆیە نەیانتوانی زۆر شارەزایان بین و بەباشی بزانن ئەوانە کێن و چین.

حیزبی شیوعیش لە ساڵی 1963 کە بەعسیەکان هاتنە سەر حوکم و بڕیاری ژمارە 13 یان بۆ دەرچو کە لەناو ببرێن، زۆربەیان شانبەشانی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان درێژەیان بە خەباتی خۆیان دەدا کە لە هەمو نەتەوەکانی ئیراق پێک هاتبون، بەڵام لە ساڵی 1974 بڕیاریان دا بچنە ناو بەرەی نیشتمانی ئێراقی لە گەڵ حیزبی بەعس چونە یەک سەنگەرەوە، پاش ئەوەی کە ئیتفاقیەی جەزائیر مۆر کرا، شۆڕشی کورد ئاشبەتاڵی پێکراو هەرەسی هێنا حکومەتی ئێراقی دەستی کردەوە بە ڕاوەدونان و لەناو بردنی شیوعیەکان، دەبوایە هەمویان نامەی بەرائەت بنوسن لە حیزب.

باش ساڵی 1975 دیسان خەڵک تامەزرۆی حیزبایەتی بون هەر کزەبایەکی حیزبی بهاتبایە دژ بە رژێمی بەعس، ئەگەر کەس نەشی زانیبایە ئەوانە چین و کێن هەر خۆشەویست بون لای خەڵک، بۆیە چەندین پارتی سیاسی تر دروست بون لەوانە یەکێتی نیستمانی کوردستان بە چەند باڵێکەوە هاتنە گۆڕەپانی خەبات و شۆڕشی نوێی کوردیان کردە دروشمی خۆیان، لەولاوە کۆنە پارتیەکان بە خۆیان کەوتن و قیادەی موەقەتەیان پێک هێنا کە لە دوایی بۆ بە پارتی دیموکراتی کوردستان وە ئەوانیش شۆڕشی گوڵانیان ڕاگەیاند، ئیتر چەندین حیزبی نەتەوەیی و ئیسلامی دروست بون، دەست کرایەوە بە خەبات، بەداخەوە دیسان شەڕی ناوخۆ دەستی پێکردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکەکە زۆر هەستی پێ نەدەکرد هەمو شەڕەکان لە ناوچە شاخاویەکان و چیا سەختەکان رویدەدا، وە حکومەتی ئێراقیش لە هەمویانی دەدا بۆیە زۆر کاریگەری لەسەر وورەی خەڵکی کوردستان نەبو، لە هەموو شەرە ناوخۆییەکانیش گەورەتر و جەرگبڕتریان کارەساتی شەڕی هەکاری بو لە نێوان یەکێتی و قیادەی موەقەتەی ئەو کاتەلە ساڵ1978، شەڕی قڕناقەو پشت ئاشانیش لە نێوان یەکێتی و حیزبی شیوعی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕویدا لە سەرەتا سالانی هەشتاکاندا ئەوانی تر هەموی شەڕی بچوک بون لێرەو لەوێ لە نێوان مەفرەزەکان، وەزعەکە بەو شیوە ڕۆیشت تا دوای ڕاپەڕین.

حکومەتی ئێراق پاش ئەوەی لە شەڕی کوەیت تێکشکاو ڕاپەڕین لە زۆربەی شارەکانی ئێراق کرا، کۆڕەوە ملیۆنیەکەی کوردانیش وای کرد بڕیاری ئەوە بدەن ئیدارەی خۆیان لە کوردستان بکێشنەوە، ئیتر بە کۆمەڵ حیزب دروست بون هەرکەسەو لە پاڵ حیزبێکی گەورە خۆی پێدەگەیاند، چەندین شەڕی ناوخۆ رویداخەڵکەکە هێشتا رازی بون بەڵام کە کار لەکار ترازاو، چەندین جار دەستی دوژمنانی گەلەکەمان ڕاکێشرا بۆ لەناو بردنی یەکتر، لەو کاتەوە ئەگەر لە بەر مەسەلەی ژیانی خەڵک نەبیت کەس دڵی بە حیزبایەتی نەما، بۆیەش دەبینین هەمو حیزبەکان وەکو داگیر کەری کوردستان هەڵس و کەوت دەکەن دەست ناپارێزن لە هیچ شتێک ئەوەی بێتە بەر دەستیان لەسەری پاز نادەن زۆر جاری تریش ووتراوە دزی و گەندەڵی لە نێو ئەندامانی کاربەدەستی حیزبەکان گەیشتۆتە رادەیەک کە قەبول کردنی زۆر کاریکی زەحمەتە، بەڵام خەڵک هیچی لەدەست نایەت، ژیانی خۆیان و ماڵ و مناڵیان کەوتۆتە ژێر دەستی ئەو حیزبانە بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، ئێستا ئەگەر تێبینی بکەیت هەندێ کەسی هەندەران کە بەسەفەر دەچنەوە کوردستان باسی حیزبایەتی و کۆبونەوەی حیزبی دەکەن خەڵک با چاویکی سەیر تەماشایان دەکەن پێیان دەڵێب کاکە ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت کەی زەمانی کۆبونەوەی حیزبی ماوە کێ باسی پەیڕەوو پرۆگرامی حیزبی دەکات ئیمرۆ ڕۆژ رۆژی ئەوەیە خۆت لە گەڵ حیزبێک بگونجینیت بۆ ئەوەی شتێکت دەست بکەوێت وەکو خەڵک بژیت و لە قافڵەکە جێ نەمینێیت، زیاترنامەوێت لەسەر گەندەڵی حیزبەکان بڕۆین، ئێستا کاتی ئەوە هاتوە حیزبەکان واز لە دروشمە شۆرشگێڕیەکان بێنن، لەبەر ئەوەی زۆر لەو سیفاتانەیان وون کردوەو لەدەستیان داوە، ئەویش لەوانەیە بەهۆی ئەوە بێت ئیستا لە جیاتی حیزبایەتی خەریکی کاروباری دەوڵەتن، باشە کەواتە دەبێ شێوەی خەباتیان بگۆڕن لە حیزبی شۆڕشگێڕ بۆ حیزبی فەرمان ڕەوا، حیزبە فەرمانڕەواکانی دونیاش خۆ بە گۆترە نایەنە سەر حوکم دەبێ ئەو خزمەتانە ی کە بەتەمان بیکەن لە پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردن بیخەنە بەر دەستی خەڵک وەکو بەرنامەی کار، بۆ ئەوەی دەنگدەران هەڵیان بسەنگێنن بەرنامەی کام حیزبیان بەدڵ بێت دەنگ دەدەن بەو حیزبە، وەکو ووتمان دەبێ ئیستراتیجیەتی خۆیان بگۆڕن ئەوە ماوەی 17 ساڵ زیاترە بەو شێوە بۆیان چۆتە سەر بەڵام لە ئیستا بەدواوە کەس گوێ لە قسەکانیان راناگرێت، دەبێ ئەو هەقیقەتە باش بزانن و دەرکی پی بکەن، مەسەلەکی کوردەوارییە هەیە دەڵێ (حەمام بە فسان گەرم نابێت) خەڵک خزمەتگوزاری دەوێت، موچەی باشی دەوێت، ئاو و کارەبای دەوێت، ئەمنیەتی دەوێت، ئازادی دەوێت، دەخوازێت مناڵەکانی بخوێنن، ڕێگەو بانی باشی دەوێت ئەگەر ئەو شتانەیان پێ دابین دەکرێت ئەوە باشە ئەگەر نا دەبێ خۆیان ئامادە بکەن ئەوجارە هێزی سێهە م پەیدا دەبێت، کەسیش ناتوانێت شەڕیان پێبفرۆشێت لەبەر ئەوەی بەڕیگای سندوقەکانی هەڵبژاردن دێنە مەیدانەکە، من ڕوی قسەکانم لە پارتی و یەکێتیە، دەبێ یان وەکو پارتەسیاسیەکانی دەوڵەتانی پێشکەوتو کار بکەن ئەگەر بەو شێوەکلاسیکیە کۆنە کە ئێستا دەیبینین کار بکەن ئەوە ڕۆژ بەڕۆژ حیزبەکانیان وەکو مومی گڕدار دەتوێتەوە، ئەوەی کە ئێستا هەستی پێدەکەین دەیانەوێت زیاتر خەڵک لە خۆیان بکەنەوە، غەدر کردن لە بنەماڵەی شەهیدان کاریکی زۆر خراپ و زەرەر مەندە لە جیاتی ئەوەی زیاتر یارمەتیان بدەن موچەکانیان دەبڕن بە بیانوی جۆراو جۆر کە هەر وەک ئەوە بێت ئەو خانەوادانە ڕۆڵەکانیان لە قادسیەی سەددام کوژرابن ئاوا هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا دەکەن، خەڵکانی ماندو نەناسی ناو حیزبەکان خراونەتە پەراویزەوەو ئیهمال کراون، بەهۆی چەند ڕێکەوتنێکی بەناو ئیستراتیجی کاتیەوە هەردولا چارەنوسی خۆیان بەیەک بەستۆتەوە، هیوا دارم پێش ئەوەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

28-11-2007 21:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئێمەش لە گەڵ خۆتان توشی نەهامەتی بکەن تۆزێک بیر لە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بکەنەوە، دەرگای گیرفانە گەورەکانتا دابخەن و کونیکی بچوکی لە ژیرەوە لێ بکەن بۆ ئەوە خەڵکی موحتاج لە دواتان بڕوات و هێدی هێدی بەشی خۆیانی لێ هەڵبگرنەوە، ئەگەر بە خۆشیش نەیدەن ڕۆژێک دێت تەوژمی هێزی بەتینی گەل دەست بەسەر سەروەت و سامانەکانتان دادەگرێت و بەدەردی کابراو دارودەستەکەی دەچن دوایی گلەیی لەکەس مەکەن خۆتان بەرپرس دەبن لە هەر کارەساتێک بەسەرتان بێت، وریابن میللەت زۆر هۆشیارە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.